کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
9-12-2007 15:45بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**هاوڵاتی؛ پێشێلی نەریتی ڕۆژنامەگەری دەکا ... د. ئەحمەد میراودەلی**

لە ساڵی 1997 دا لە ئەمەریکا جۆڕنالیستان خۆیان کۆمیتەیەکیان بۆ داڕشتنی پێناسەیەکی مۆدێرن، بۆ جۆڕنالیزم و دەستنیشانکردنی هێڵە سەرەکییەکانی کاری جۆڕنالیستی و هەروەها داخوازی هاو وڵاتیانیش لە جۆڕنالیزم چییە، پێکهێنا. لەکۆنگرەیەکدا دوای گوێگرتن لە سەتان جۆڕنالیست و هەڵسەنگاندنی سەتان ڕاپۆرت، پێناسەیەکی مۆدێرنیان بۆ جۆڕنالیزم داڕشت و ویژدان و هێلە سەرەکییەکانی جۆڕنالیزم و چاوەڕوانکاری جەماوەریشیان لەجۆڕنالیزم، لە چەند خاڵێکدا کۆکردەوە و ناویان نا (ئێیپیک و ستانداردی جۆڕنالیزم) بەواتای پێوەر و ویژدانی ڕۆژنامەگەری. جۆڕنالیستانی کوردستانیش وەک لاسایی عارەب ناویان ناوە (میپاقی شەرەفی کاری ڕۆژنامەوانی) وەک ئەوەی لە زمانی کوردیدا زاراوە نەبن بەرامبەر بە" میپاق و شەرەف" وەلێ ئەوەیان مەبەستی ئەم نووسینە نییە.



**مەبەستی جۆڕنالیزم چییە؟**

جۆڕنالیستانی ئەمەریکا لەکۆنگرەکەیاندا گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە مەبەستی سەرەکی جۆڕنالیزم؛ پێشکەشکردنی هاو وڵاتیانە بە زانیاری بڕواپێکراو کە داخوازیی کارابوونی ڕۆژانەی هەموو کەسێکە لە کۆمەڵگەیەکی ئازاد دا. ئەمەش بۆ هەر لایەنێکی جۆڕنالیزم و هەر جۆڕنالیستێکیش ژمارەیەک ڕۆڵی بێ ئەندازە لەخۆدەگرێ... لەوانەش دەستنیشانکردنی داخوازییە هاوبەشەکانی ئەو کۆمەڵگەیە و پاسەوانی بەرژەوەندەکانی هاو وڵاتیان و هەروەها دەنگی بێ دەنگەکانیش بێت.... هتد. کۆمیتەکە ئەرکی جۆڕنالیزمی لە نۆ خاڵدا دەستنیشان کردووە و چاوەڕوانیی هاو وڵاتیانیشی لە ڕۆژنامەگەری لە شەش خاڵدا خڕکردۆتەوە کە زوربەیان هاوبەشن. جا بۆ ئەوەی درێژدادڕی نەکەم، چەند خاڵێکی هاوبەش دەخەمە بەرچاو کە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە بابەتەکەوە هەیە. خاڵەکانیش ئەمانەن.

یەکەمین ئەرکی جۆڕنالیزم؛ ڕاستگۆیی یە.

دووهەمین ئەرکی؛ دڵسۆزیی یە بۆ جەماوەر.

سێهەمین ئەرکی؛ بێ لایەنیی یە، بەواتای لایەنی هیچ کەس و پارت و گرووپی ئێتنی نەگرێ.

چوارهەم؛ دەبێ بێ لایەنگیری، چاودێری دەسەڵات بکات لەبەر ئەوەی توانایەکی باشی چاودێرکردنی ئەوانەی هەیە کە پلەو دەسەڵاتیان کاریگەرە لەسەر دانیشتووان.

پێنجهەم؛ دەبێ سەکۆیەکی ڕەخنەو نزیکبوونەوە لەیەکدی بێت.

شەشهەم؛ دەبێ هەوڵی دیارکردن و وەدەرخستنی شتە گرنگەکانی هەبێت کە پێوەندیان بە ئایندەی کۆمەڵگەوە هەیە و دەبێ سەرگورشتەی ڕۆژنامە مەبەستداربێ.

بەهۆی ژێردەستەییمانەوە ئێمەی کورد جگە لە ڕۆژنامەگەری کە ئەویش بە درێژایی تەمەنی، هەتا دوای ڕەوی دانیشتووانی باشووری کوردستان و سەپاندنی" هەرێمی ئارام- نۆ فلای زۆن"، تەنها بریتی بووە لە ڕۆژنامەی پارت و شاخ و یاخی و یاساخ. شتێکمان نەبووە بەواتا بەرفراوانەکەی جۆڕنالیزم (رادیۆ، گۆڤار، تەلفیزیۆن، فلیمی" فیلم"ی کوردی......... هتد)

ئێستاش لە باشووری کوردستاندا جۆڕنالیزم قۆناخی ڕۆژنامەگەری شاخ و ژێرەکی و یاساخی تێپەڕاندووە و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

هەتا ئاستێک لەو هەرێمەدا هەل و مەرجی میدیای ئازاد و سەربەخۆ ڕەخساوە. جا بۆ پەرەپێدان و بەرفراوانکردنی ئەو ئازادی و سەربەخۆیی یەی کارمەندانی میدیا، بەتایبەتیش ئەوەی کەرتی ڕۆژنامەگەری بە تەماییێتی کە دەیەوێ وەک وڵاتانی ڕۆژئاوا ببێتە دەسەڵاتی چوارهەم، دەبێ کردار و هەڵوێستی ڕۆژنامەگەران و ڕۆژنامەکانیش وەک ئەوانەی ڕۆژئاوا سەردەمیانەبێت هەتا بەهانەی دەسەڵات لە سنووردارکردنی دەربڕینی دەنگی ئازاد ببڕن. وەلێ پرسیار ئەوەیە، ئایا جۆرنالیزمی کوردستانی، بەتایبەتیش ڕۆژنامەگەری دەتوانێ ئەو هەنگاوە بنێ و بێ پاڵپشتی حیزبێک یان دەسەڵاتدارێکی حیزبی بژێوی خۆی دابین بکات و جێگەی بڕوای جەماوەر بێت؟ بەش بە حاڵی خۆم لەو باوەڕەدا نیم، چونکە بابەتی وا لە هەندێ هەفتەنامە و ڕۆژنامەی کوردستاندا دەبینین کە نەدەبوو بگاتە سەر ڕووپەڕەکانیان، ڕەنگە ڕاپۆرتەر و سەرنووسەری ڕۆژنامەکەش واژوویان لەسەر" میپاقی شەرەفی ڕۆژنامەگەری کوردستانی" ش کردبێت، کە لە سەرەتای هاوینی ئەمساڵدا لە هۆتێل چوارچرا لە هەولێر ژمارەیەک ڕۆژنامەوان، دایانڕشت.

هەفتەنامەی هاوڵاتی؛ کە بە ڕەواجترینە لە نێو ڕۆژنامەو هەفتەنامەکاندا و لەگەڵ ئەوەشدا کە ئاگادارێکی تەواوە لە ڕوونکردنەوەکانی سەرۆکاییێتی دیوانی چاودێری دارایی"سلێمانی"، وەلێ بەبێ بەدواداچوون چەواشەکارییەکانی بەناو ڕۆژنامەگەرێک کە هیچ ڕەوشتێکی نووسینی لەخۆ نەگرتووە بە سنگێکی فراوانەوە پەخشان دەکا، ئەو جۆرە نوسینە بی سەرو پێ و دوور لە ڕەوشتی ڕۆژنامەگەری و پڕ تیل و توانج و تەشەر و چەواشەکاریانە، لە ڕۆژنامەگەری ڕۆژئاواییدا جگە لە زبڵدانەکانیان لە هیچ شوێنێکی دیکەدا جێگەی نابێتەوە و لادانیشە لە نەریتی ڕۆژنامەگەری.

ئەوانەی بە هۆی ڕاپۆرتەکانی دیوانی دارایی "سلێمانی" یەوە زەرەرمەند و ڕسوا بوون، ناچارن درێژە بە درۆ و بوختانەکانیان بدەن، ئەی ئەگەر وانەکەن چی بکەن؟ وەلێ پرسیار ئەوەیە ڕۆژنامەی هاوڵاتی بۆ ئاوا ڕەواج بەو درۆو بوختانانە دەدات؟

ڕۆژنامە دەبێ بەتەنگ متمانەو ناوزڕاندنی خۆیەوە بێت. هاوڵاتی کە ئاگاداری ڕوونکردنەوەکانی سەرۆکاییێتی دیوانی چاودێری دارایی"سلێمانی" یەو لەهەمان کاتیشدا چەواشەکاریی ئاوا زەق وەک ئەوەی ژمارە 360 ی ڕۆژی چوارشەممەی ڕێکەوتی 2007/10/3 بڵاودەکاتەوە، بەڕاستی خۆی دەخاتە بەر پرسیارەوە، پرسیاری ئەوەی، لە نێوان بەرەی گەندەڵکاران و چاکسازاندا کامیانی هەڵبژاردووە؟ بۆ پێشێلی نەریتی ڕۆژنامەگەری دەکات؟

ئەگەر پاساوی هاوڵاتی ئەوەیە کەجێگەی دەنگی ئازادە بۆیە ئەو وتارانە بلاودەکاتەوە، ئەی بۆ کاتێک من ئەم وتارەم بۆ ناردن، کە ئێستا بە تۆزێک گۆڕانکارییەوە بۆ ئەوەی بۆ بڵاوکردنەوە لە سایتە ئەلەکترۆنییەکاندا بشێ، بلاوی نەکردەوە؟ ئایا ئەمەش پێشێلکردنێکی دیکەی نەریتی ڕۆژنامەگەری نییە؟ هیوادارم لەمەو دوا بەرپرسانی" هاوڵاتی" و هەموو ئەوانەی لەمیدیای کوردستانی دا کاردەکەن، ئەگەر دەیانەوێ ببنە دەسەلاتی چوارهەم و خزمەتی گەلە بەشمەینەتەکەمان بکەن، زیاتر لە ئێستا وەک میدیایەکی ڕۆژئاوایی لە پێناو پاراستنی مافی گشتی و پێشقەچوونی ڕۆژنامەگەری کوردستانی دا ڕەفتار بکەن و تەکان بە جۆرناڵیزمی کوردستانی بدەن بۆ ئەوەی ببێتە دەسەڵاتی چوارهەم و هیچی دیکە بێ بەدواداچوون وتاری چەواشەکار بڵاو نەکەنەوە. لە کۆتاییشدا دەپرسم، ئەگەر لایەنێکی میدیا هێندە سینگ فراوان نەبێت گلەیی و ڕەخنە لەسەر خۆی قبووڵ بکا، ئەی بۆ لۆمەی دەسەڵات دەکا؟ چۆن دەوێرێ داوای ئەوە بکا جەماوەر بیکاتە دەسەڵاتی چوارهەم؟

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئۆنتاریۆ- کەنەدا

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.